# چوار نامیلکەی دوکتور عەلی شەریعەتی

وەرگێڕانی مامۆستا هەژار

نشر آنا

www.ketab.ir

**سرشناسه:** شریعتی، علی، ۱۳۲۱-۱۳۵۶.
**عنوان و نام پدیدآور:** چـوار نامیلکـەی دوکتـور عـەلی شـریعەتی/ نووسـەر عـەلی شەریعەتی، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار.
**مشخصّات نشر:** تهران، آنا، موساسیر، ۱۳۸۹. (چاپ اوّل آنا)
**مشخصّات ظاهری:** ۲۲۹ ص.
**شابک:** ۹۷۸-۹۶۴-۶۸۷۶-۸۹-۷
**وضعیّت فهرست‌نویسی:** فیپا
**یادداشت:** کتاب حاضر ترجمه‌ی کردی چهار اثر علی شریعتی است؛ به نام‌های: یک جلوش تا بی‌نهایت صفرها/ آری اینچنین بود برادر/ عرفان، برابری، آزادی/ پدر! مادر! ما متهمیم.
**موضوع:** اسلام- تجدید حیات فکری/ اسلام و اجتماع/ شعر فارسی- قرن ۱۴- ترجمه شده به کُردی
**شناسه افزوده:** شرفکندی، عبدالرّحمن، ۱۳۰۰- ۱۳۶۹، مترجم/ مردوخ روحانی محمد ماجد، ۱۳۳۷، ویراستار
**رده‌بندی کنگره:** ۱۳۸۹ ۸۶چ ۴ش/۲۳۳/۷/BP
**رده‌بندی دیویی:** ۲۹۷/۴۸
**شماره کتابشناسی ملی:** ۳۱۵۲۶۱۵

## ناسنامە

ناوی کتێب: **چوار نامیلکەی دوکتور عەلی شەریعەتی**
وەرگێڕ: **مامۆستا هەژار**
نوویسیار: **ماجد مەردۆخ ڕۆحانی**
بڵاوکراوەی: **ئانا، زستانی ۱۳۹۱ هەتاوی، (چاپی یەکەمی ئانا)**
پیتچنین و ڕازاندنـەوەی لاپـەڕەکان: **ئاری محەمەد ساڵح**
هەڵەگری: **ئەفشین بەهاریزەڕ**
ڕووبەرگ: **حەمیدڕەزا زەڕی**
سەرپەرشتی چاپ: **شوان ماجد**
ناوەندی بڵاوکردنەوە: **سنە، کتێبی کانی،۲۲۲۵۲۵۹- ۸۷۱-۹۸+**

www.ketab.ir

# ناوەرۆك

کورتەیەك لەبارەی ئەم چوار نامیلکەوە ــــ پێنج

یەك لە پەنای خاڵ و سیفری بێ بڕانەوە ــــ ١

ئاری برا! وا ڕابرا ــــ ٢١

عیرفان، بەرامبەری، ئازادی ــــ ٥١

دایە! باوە! کێ خراوە؟ ــــ ٩٥

www.ketab.ir

## کورتەیەك لە بارەی ئەم چوار نامیلکەوە

زانای گەورەی حەفتاکانی چەرخی بیستەمی زایینی (دوکتور عەلی شەریعەتی) کە لە ڕۆژهەلاّتی ئێران (خوراسان) هاتە دنیاوە لە ڕۆژاوای ئورووپادا خوێندی و چاوی کراوە و دوای ماوەیەك، ناو و ناوبانگی لە چوار قوژنەی دنیادا دەنگیداوە، زۆرێك بە ڕێخۆشکەر و بگرە بناخەدارێژی بزووتنەوەی ئیسلامی ئێرانی دەزانن.

وەك لەبیرمانە، لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی ئێران و پاشان لە گەرمە و جەنگەی ڕاپەڕیندا، ناو و وێنەی ئەو کەلّەپیاوە، لەسەر زاری زۆربەی مەردمی ئێران و بە سەر دەستی زێدەی لاوانەوە بوو. دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش، قسە و باسی شەریعەتی و چوناوچۆنی بیر و بۆچوونی، لەمەڕ ئایینی ئیسلام و خودا و دین و بێخودایی و مەکتەبە ڕۆژاواییەکان و کۆمەلّناسی و... وە، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئێراندا -تا ماوەیەك- تام و چێژەی دەمی بێژەران و ئاو و ڕەنگی قەلّەمی نووسەران بوو.

لەو چاخەدا، مامۆستا هەژاریش -کە پێشتر گەڕابۆوە ئێران و لە ئیدارەیەك بە ناوی «واحد فعالیت‌های فرهنگی»، سەر بە «ڕادیۆ-تەلەڤزیۆن» کاری دەکرد- لەگەلّ وتار و نووسراوەکانی شەریعەتیدا ئۆگر ببوو. کە لێی داوا دەکەن کارێك بکا، دەلّێ: بۆ چەند کتێبێکی دوکتور شەریعەتی نەکەمە کوردی؟

- دەی وەلّلا خۆ ئەوە زۆر باشە!

❊ ❊ ❊

www.ketab.ir

سەرەتای ساڵی ١٣٥٩ی کۆچی-هەتاوی (١٩٨٠.ز)، کە گەیشتمە خزمەت مامۆستا و هیچ نەیدواندم! سێ نامیلکەی «یەك لە پەنا...» و «ئاریێ برا...» و «عیرفان بەرامبەری...»، وەرگێڕدرابوون و یەکەم و دووهەم لە چاپیش دەرچووبوون. سێهەمین ئامادەی چاپ بوو؛ تەنیا بزوێنەکانی مابوو کە ئەودەم دەبوو بە دەست دابنرێ. وەرگێڕانی «دایە! باوە!»شی تازە دەست پێکردبوو. دوای دەیان جار هاتوچۆی ئەو مەزرینگە مامۆستا کاری لێ دەکرد و چوونە ژوورەکەی و وەك سۆفی لەو خوارە بە کزێکەوە دانیشتن و چەند جاریش «ئێستا برۆ، جارێکیتر وەرەوە!» بیستن و «بەڵێ قوربان! بە چاوان» گوتن، ئاخری وەك دڵی نەرم بێ، نەرم بوو:

- باشە؛ ئەوە بەرە بزوێنەکانی بۆ دانێ و لەچاپی دە! بەڵام بە مەرجێ پێش لە چاپە جارێکیتر بیبینمەوە، بزانم چت کردووە.

ئای لەو خۆشییە! کە هاتمەوە ماڵ تازە هاتەوە بیرم: ئەرێ خۆ من کوردییەکەم زۆر کۆڵەوارە؛ جا چۆنم پێ دەکرێ ئەو کارە جێبەجێ کەم؛ مامۆستایشم لێ پەشیمان نەبێتەوە؟ ناچار بردمە لای کاکم. کە دوو-سێ لاپەڕەیەکمان لێ خوێند و دەگەڵ فارسییەکەیدا بەرامبەرمان کردەوە، زانیمان چەند کارێکی جوان و ڕازاوە و بەقەوەتە. ئیتر وای لێهات هەموو خێزانی ماڵ دەوریان داین و بەوپەڕی خۆشی و سەرسوورمانەوە، ڕستە بە ڕستەمان دەخوێندەوە و بزوێنەکانیمان دادەنا.

کارەکە بە دوو ڕۆژ دوایی هات و سەر لە بەیانی ڕۆژی سێهەم بردمەوە و چەند شوێنێکیش کە بۆمان نەچووبۆوە سەریەك و لە لاپەڕەیەکم نووسیبوو، خستمە سەر و لە بەردەمیم دانا. چاوێکی پێیدا خشاند و فەرمووی: جیا لەوانەی نووسیوتە، لە باقییەکەی گەیشتی؟ ڕاست و پاك چۆن بوو، بۆم گێڕاوە. هێندێك پێکەنی و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: دەی باشە. وەرە با بەشێك لە «دایە! باوە»ت بۆ بخوێنمەوە! دەفتەرەکەی دەرێنا و دەستی پێکرد:

**«... ئێرانی چین؟**

بەشی زۆربەی هەرەزۆری ئاپۆرەی وڵاتەکەمان موسوڵمانە؛ ئەویش چتۆ موسوڵمانێك؟ لە کوێرە دێی چەپەك و پەرەوە بگرە تا دەگاتە گوند و شارەدێ و شارۆکە و گەلێك لە بازێری قەوغاش، هەر هێندە لە دین دەزانن: نوێژان بکەن، ڕۆژووان بگرن، ببنە پەیڕەوی ئاخوندێك هەست و نەست و شل و خەستیان بەو



www.ketab.ir

بسپێرن؛ هەرچی فەرمووی گفتی خوایە و بە موو لادان لە فەرمانی، بۆ دین و دنیا بەڵایە.

ئاخوندی خێوی ئەو خەڵکەش کاروباری بوێتە ئەوە لە سەر مینبەر قوت بێتەوە، دنەی ئەم ڕەمەکیانە دات کە هەتا زۆر بگرین کەمە. با بە گەل بچنە کەربەلا. کێ دەوڵەمەندە بچێتە حەج. زەکات و سەدەقە بدەن. پێنج یەکی داهاتی ساڵیان بۆ سەیدان بێ؛ دەیەکیش بۆ ئاگوزوران بەخت بکەن. واز لە باسی دنیا بێنن، هەر باسی قیامەت بخوێنن. جیا لە بەهەشتی دوای مردن، دەهیچ شتێك ڕانەمێنن. ئەوانەی بێ ئاخوندیشن، دەبن بە دەروێش و سۆفی لای پیرانی سەرشین و بەڕیش و بێئیش. نەغد و پوختی دنیاکەیان دەنێنە ناو لەپی شێخ و ئەویش گفتی بەهەشتی مفتی پاش مەرگیان ئەنێتە مشت...

... ئەگەر لە پرسەی حوسێندا چەند فرمێسکێك هەڵوەرێنی، ئاخوند لە خۆت نەڕەنجێنی، لە پیتاك‌دان نەبۆڵێنی، ئەوا چەند کۆشکێك دەستێنی گشتی یاقوت و زمرووتە. ئەگەر شێخ و خەلیفە و دێوانە تێرکەی، ئەگەر نەوسی چنۆکی مفتەخۆر کوێرکەی، هەر لەم دیوەی بستووی ژیان چووی بەو دیوا، ڕووباری هەنگوین و شیرە و باغی هەنار و هەنجیرە و حۆری زۆرە و کەیف و ڕابواردن مشەیە. ئەگەر لە شەقام کلا بی و لە فەرمایشتی شێخ لا بی! لە دنیا بەختەوەر نابی و لەولاش جێگات جەهەندەمە!...

... بابایەکی خۆم ئاسایی کە بۆ خوێندن چووبێتە ناو کۆمەڵگای نوێی ئورووپایی، هەموو ڕۆژێ، هەموو شەوێ، بگرە هەموو کات و سات و ژەم و دەمان، دەگەڵ زانایانی نامۆ، دەگەڵ کتێب و نووسراوی پیاوی خاوەن‌بیری بێ‌پیر ڕووبەڕوو بێ؛ باسی کفر و خوانەناسی کاسی بکا. ئەویش بە نیاز بێ کە دینی باب و کاڵی بپارێزێ؛ بکەوێتە مشت و مڕ و دم لە دم نانی ئەم و ئەو، جوابی هەموو پرسیارکارێك ئامادە کا. پرس و پرسیاریش بەبار بێ؛ یەك نالەبار، یەك لەبار بێ. بچتە هەر کوێ بێتە بەر گوێ. قسەی بێتام گفتی بەتوێ. هێندێك زۆر سوێر، زۆری بێ‌خوێ. منێك یاخۆ من ئاسایی لەم ناوەدا چۆن گیر دەخوا و ئەشێ چی بکا؟ چۆن شان و پیلی کاکیلە و زمان و چەناگەی نەسوێ؟ دەی سا لە کوێ دەتوانێ بێژی ئاسوودەم؟ چۆن بووز دەخوات و بۆی دەلوێ وەك ئەو پیاوە ساویلکە بێ کە سەر و بەری ژیانی لە ناو پەڕاوی پەڕزەردی بە پیوازاو ڕەنگ‌کراوی نووسراوی ئاخوندا دەژی؟ لای وابێ دنیای ئەمڕۆکەش هێن هەزار ساڵ لەمەوبەرە و سەر و بەری هەر وەکوو خۆی سەرمۆر ماوە و جۆرێك



www.ketab.ir

مۆمیایی کراوە کە نە بۆن دەگرێ نە دەپوێ و نە تەڕاییدا دەچۆڕێ، نە ڕەنگ و بۆنی دەگۆڕێ. هەموو ئەرکی گرانی هەر ئەوەندە بێ: بە لۆرینەوەی ڕەوزەخوان دەست بکا بە شین و گریان؛ جنێو بدا بە ئەبووبەکر و عومەر و زۆر کەسی تر لە ئەسحابان. ئیتر ئاسوودە دانیشێ و پاڵداتەوە تا بە پاڵەپەستۆ و ملە ئەیخەنە ناو بەهەشتەوە!...»

دەوری چارەکە سەعاتێك، لێی خوێندەوە. خودایە! ئەمە پەخشانە؟ شیعرە؟ چییە؟! هێندە خۆشئاهەنگ و بێگرێ دارێژراوە، وا هەست دەکەی ئاوێکی پاك و زەلاڵە، لە کانییەك سەری هەڵداوە و بێ هیچ گت و گیرێك هەر دەڕوا و هەڵنابەزێتەوە. ئەمجار ئەوەندە ئاسایی و ئاسانە، منێکی دوو پیت و لەتێك کوردی دەزانم، باش تێدەگەم. بەڕاستی شتێکی سەیرە!

ماوەیەك واقوڕمابووم؛ پاشان هاتمەوە سەرخۆم و پرسیم: قوربان! کوا شەریعەتی باسی شێخ و تەکیە و خەلیفە و دێوانە و زەرگ و زنجیری کردووە؟ فەرمووی: ئەو لەگەڵ فارسەکانیەتی؛ منی وەرگێڕ پێویستە هەم ئەمانەتدار بم و پوخت و پاکی قسەی نووسەر وەرگێڕمەوە، هەم ئەوەشم لە بەرچاو بێ ئەگەر ئەو نووسەرە کورد بوایە و ئەو قسانەی بۆ گەلی کورد بکردایە، چۆنی دەگوت؟ ڕاستە کاکڵی مەبەستەکە هەر یەکن و بە هەردوو لا هەر گازندەیە لە دین و ئایینی دەست تێبراو و تێکدراو؛ بەڵام ئێمەی کوردی زیاتر سوننی، هەر بە تەنیا مەلا نەشیشاوەتە بیر و ئاوەز و ئایینمانەوە، دەردی ئەولاشمان هەیە؛ کە پێم وابێ دەردێکی گرانتریشە...

هەستم کرد ئەوا شاکارێکیتر لە جیهانی هونەر و وێژەدا، هاتە دنیاوە...

❊ ❊ ❊

ئێستا پاش ٢٦ ساڵ، ئەمجار هەر چوار نامیلکە پێکەوە لە بەرگێکدا و بە شێوەیەکی جوانتر، پێشکەش بە خوێنەران دەکەین. بێشك ئەم پەرتووکە پچووکە، باشترین وێنە و نموونەی پەخشانی بەدانستە و وەرگێڕاوەی سەرکەوتووی کوردییە. هیواداریین هەموو خوێندەواران و بەتایبەت نووسەران و وەرگێڕان زۆر بە وردی بیخوێننەوە و بەهرەیەکی باشی لێ بەرن.

براتان: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی
سنە، سەرماوەزی ١٣٨٥ (٢٠٠٦)